# سنووری کێڵگەی واتایی
# لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا

پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی– د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

## پێشەکیی

کارکردن لە کێڵگەی واتاییدا، کارکردنە لە جۆرێك لە پەیوەندییەواتاییەکانی وشەدا. لەوێشەوە هەنگاونانە بەرەو دنیای فەرهەنگی زمان. بەو پێیەی کە کێڵگەی واتایی ڕێگایەکە بۆ نووسینەوەی فەرهەنگی زمانێك لە ڕووی واتاوە، ئەم کارەش لە سنووری ڕوونکردنەوەی ئەو کارەو مەودای فەرهەنگی زمانی کوردییدا دەسوڕێتەوە. فەرهەنگ هەموو ڕووبەرو سنوورەکان بە وشەکانی ناو خۆی ناگەیەنێت، چونکە فەرهەنگی هیچ زمانێك تەواو پڕاوپڕ نییەو گشت ڕووبەرە واتاییەکانی زمان لە چێوەی مۆرفیم و وشەکانیدا نییە، بۆیە لێرەدا بە پێی مۆدولارێتیی مێشکی مرۆڤ ، پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بە فەرهەنگەوە دەردەخرێت. بەشێوەیەکی گشتیی پاش ناساندنێکی سەرپێیی کێڵگەی واتایی، بە چڕیی و قووڵی وشەی خواستراو و بێگانە، سەبارەت بە بوونبەئەندامیان لە کێڵگەی زمانەکەماندا ڕوونکراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە لە سنوورو پانتایی کێڵگەی ڕەنگەکان کۆڵراوەتەوەو ڕۆڵی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و بەکارهێنانی سینتاکسیی لە فراوانکردنی کێڵگەی ڕەنگدا دەرخراوە. هەر لە کێڵگەی ڕەنگەکاندا کێڵگە ناوەکیی و شکاوەکانی ناو ئەو کێڵگەیە دۆزراوەتەوە. واتە بۆ فراوانکردنی سنووری کێڵگەی واتایی زمانەکەمان، خواستنی وشەی بێگانەو کێڵگەی ڕەنگەکان بە نموونە وەرگیراوەو کاری لەسەرکراوە.

### ١/١) وشەی بێگانەو کێڵگەی واتایی

کێڵگەی واتایی کۆمەڵە وشەیەکە، کە واتاکانیان پێکەوە پەیوەستن، هەمیشە وشەیەکی گشتیی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە[١] . بە بۆچوونی دی سۆسێر (کێڵگە واتاییەکان گەڕانە بەدوای پێناسەیەکی بونیادگەریی یەك لەدوای یەکی واتادا.)[٢] واتا دابەشکردن و پۆلکردنی وشەکان بە پێی ڕووبەرە واتاییەکانی ئەرکی کێڵگە واتاییەکانە. لەمەوە کێڵگەی واتایی بوارێك دەبێت بۆ نووسنەوەی فەرهەنگ (Lexicon)ی زمانێك[٣]، چونکە

1) احمد مختار عمر (١٩٨٢ : ٧٩)

2) بیرجرو (١٩٩٢ : ١٥٥) لە سازان رضا معین (٢٠٠٥ : ٢٥) وەرگیراوە.

3) ا. محمد محمد یونس علی (٢٠٠٤ : ٣٣)

وشەکان بە پێی پەیوەندییەکانیان لەناو مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراون و سنوورەکانیشی بە پێی زیادبوونی کەرەستەکانیی دەرەوەی زمان، فراواندەبێت، بڕوانە کێڵگەی واتایی (پاکەرەوە) لە (١)دا.

١) پاککەرەوە ⟵ تاید، شامپۆ، زاهیی، فاست، معجزە، سابوون

کیڵگەی واتایی پاکەرەوە بە پێی تێپەڕبوونی کات فراوابووەودەبێت، بۆیە دەکرێت ئەم جۆرە کێڵگەیە کراوە بێت. (لە داهاتوودا توانای زمان بۆ هێشتنەوەی کێڵگەکان بە کراوەیی ڕووندەکەینەوە.)

ترایەر دەربارەی کێڵگەی واتایی دەڵێت: کۆی گوتنەکانی زمانێکی دیارییکراوە، دەبێت لەسەر بنەمای زنجیرەیەك، لە کۆمەڵ وشەیەك بنیاتنرابێت، هەر کۆمەڵەیەك ڕووبەرێکی دیاریکراو لەسەر ئاستی چەمکەکان دەگرێتەوە[٤].

بەم پێیە کێڵگە تاکە وشە پێکی ناهێنێت. ئەگەرچیی دەکرێت کێڵگە واتایی لە جۆری چەسپاو هەبێت، ئەویش پەیوەندیی بە سروشتی سنورداری شتەکەی دەرەوەی زمانەوە هەیە، بڕوانە کێڵگەی واتایی وەرزەکان لە (٢)دا.

٢) وەرزەکان ⟵ بەهار، هاوین، پایز، زستان

هەر لە ڕوانگە پێناسەکەوە دەشێت کێڵگەکان چەمکێك بن، بە پێی تێڕوانیینەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت و ڕووبەرەکانیان تەسك و فراوان ببێتەوە. بۆ نموونە چەمکی (ڕەوشت) لای میللەتانی ڕۆژئاوا فراوانبێت، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەلات تەسکترە و زیاتر بە لادانی سێکسییەوە بەستراوەتەوە. هەروەها چەمکی (تیرۆر)[٥] لە ڕوانگەی باڵی ڕۆژئاواو ئەمریکییەکانەوە مەوداکەی بۆ باڵی ڕۆژهەلاتییەکانەوە دەگۆڕێت.

بە چەمك ناساندنی کێڵگە واتاییەکان دەرگا بۆ بە کێڵگە بوونی مۆرفیمە بەندەکانیش دەکاتەوە، چونکە ئەوانیش کۆ واتایەك گردیان دەکاتەوەو چەمکێك دەگەیەنن. گریمانەکەمان لەسەر پۆلە مۆرفیمێکی داڕشتن و ڕێزمانیی جێبەجێدەکەین. بڕوانە (٣)و (٤).

٣) شوێن ⟵ ستان (کوردستان)، گە~ گا(سەیرانگە~سەیرانگا)، جاڕ (نێرگزەجاڕ)، زار ( لالەزار)، دان (خوێدان)، خانە (چایخانە)،.....

٤) چەمکی کۆ ⟵ ان (کوڕان)، ەکان (ماسییەکان)، ەها (چەندەها)، گەل (کوڕگەل)، هات (میوەهات)، ات(باخات)، جات (میوەجات)[٦]،......

---

ب. احمد عزوز (٢٠٠٢ : ٨٣)

4) ( Trier 1931) لە کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان (٢٠٠٦ : ٩٣) وەرگیراوە.

5) هەردوو چەمکی (ڕەوشت)و (تیرۆر) بۆیە ڕوونکردنەیان لەسەر کراوە، تا سنووری کاریگەریی کولتوورو بیری نەتەوەکان لەو بوارەدا دەردەخرێت، پاشان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەریانە بۆ کێڵگەی واتایی دەپەڕینەوە.

6) ا.مۆرفێمەکانی /گەل،هات،جات،ات/ لە ئێستای زمانی کوردییدا وەك مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیی هەڵسوکەوت ناکەن.

ب. مۆرفێمی /_ەکان/ لە مۆرفێەکانی تر بەبەرهەمترو چالاکترە، چونکە بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، پەیوەندیی سینتاکسیی لەگەڵ گشت ناوێکدا دروستدەکات.

له (٣) دا هەبوونی مۆرفێمی جیا بۆ یەك چەمك ئەوە دەگەیەنێت، كە جگە لە نیشانەی [ +شوێن] یان هەیە، هەریەكشیان ڕووبەرو پەنتایی جیا دەگەیەنن، بڕوانە (٥)، ئەوەش هۆكاری مانەوەی ئەو پۆلەیە وەك كێڵگەیەكی واتایی. مۆرفێمەكانی (٤)یش ئەگەرچیی چەمكی كۆ دەگەیەنن، بەڵام وەك لە (٦)دا دەردەكەوێت، وەك یەك بە بەرهەم نین و هەمان دەركەوتەی سینتاسییان نییە.

٥) *كوردگە، *نێرگزدان

٦) *ماسییان، *ماسییەها.

سروشت و پەیوەندیی كەلتوریی نەتەوەكان كار لە فراوانیی مەودای كێڵگەكان دەكات، لەلای ئینگلیزەكان كێڵگەی سەگ فراوانترە لە هی وشتر، بەڵام لای عەرەبەكان بە پێچەوانەوە. لە زمانی ئینگلیزییدا وشتر لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بۆیە لە زمانی ئینگلیزیدا وشتر نابێتە كێڵگەیەكی سەربەخۆ، بەڵكو دەبێتە ئەندامی كێڵگەی ئاژەڵان[7] [8]. بۆ زمانی كوردیی بڕوانە ژمارە (٨) لە خوارەوە.

جیاوازیی كێڵگەی واتایی مۆرفێمە بەندەكان لەگەڵ كێڵگەی وشەكان، ئەوەیە، كە هی مۆرفێمەكان چەسپاوترەو كەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت، هۆكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە (ا) مۆرفێمەكان هەڵگریی واتان، نەك خاوەنی واتا[9]. (ب) داهێنانەكانی دەرەوەی زمان بە فۆرمە سەربەخۆ مۆرفۆلۆژییەكان ناودەنرێن، نەك بە مۆرفێمە بەندەكان[10].

گەیاندنی واتای جیاواز، وا لە ئەندامانی ناو یەك كێڵگەی واتایی دەكات، كە جێی یەكتر نەگرنەوەو هاوواتای تەواو نەبن، بڕوانە كێڵگەی (بەرزایی)و (سەرچاوەی ئاوی سروشتیی) لە (٧)دا.

٧) ا. بەرزایی ← كێو، شاخ، چیا، كەژ، تەپ، تەپۆڵكە،گرد، گردۆڵكە، ....

ب. سەرچاوەی ئاوی سروشتیی ← زەریا، دەریا، ڕووبار، زێ، چەم، چەمیلە، جۆ، جۆگە، كانیی،....

بە پێی بۆچوونەكەی جین، دەرگا بۆ هاتنە ناوەوەی ئەو وشە بێگانانەی دەكرێتەوە، كە لە سروشتی ئێمەدا نین. هەر لەو بارەیەشەوە (Finch) دەڵێت: كێڵگەی واتایی بۆ دراسەكردنی بەراوردكاریی نێوان زمانەكان بەسودە[11]. بەڵام ئایا وشەی بێگانە دەچێتە كوێی كێڵگەی واتایی زمانەكەمانەوە؟ وەڵامەكەی لە (٨)دا دەدرێتەوە.

---

7) Jean Aitchison (2005: 84)

8) زۆربەی كێڵگە واتاییە هاوبەشەكانیش لە زمانەكانی جیهاندا، بە پێی كەلتوورو دابو نەریتی نەتەوەكان دەگۆڕێن. بۆ نموونە كێڵگەی واتایی (خواردن) لە زمانی چینییدا (سەگ و بۆق و .....)یشی تێدایە. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

9) مۆرفێمە بەندەكان هەڵگری واتای فەرهەنگیین و لە بەكارهێناندا واتاكانیان ڕووندەبێتەوە، بۆ نموونە /هەڵ ـ/ خاوەنی نیشانەكانی [+ ئاراستە] و [+ بۆسەرەوە] یە و لە وشەكانی (هەڵچوون، هەڵدان، هەڵبڕین)دا ڕووندەبێتەوە. مۆرفێمی /ـ ەكە/ خاوەنی نیشانەكانی [+ ژمارە] و [+ناسراویی]یەو لە بەكارهێناندا واتاكەی دەردەكەوێت، نەك بە تەنیا. بەڵام مۆرفێمە سەربەخۆكان لەبەر ئەوە واتادارن، چونكە بەتەنیا واتای سەربەخۆیان هەیە.

10) پێشبینیی ئەوە دەكرێت، كە هەردوو وشەی (خانە، گەل) مەیلی بوون بە مۆرفێمی بەندیان هەبێت، چونكە فۆرمی سەربەخۆشیان هەیە. (خانەی سمۆرە، خانەی نەوجەوانان)، (گەل ئازادیی دەوێت، گەلێك جار).

11) Finch (2000 : 178)

٨)

ا. هەندێك وشەی بێگانە، کێڵگەی تایبەت بە خۆی دروستناکات، بەڵکو بە پێی تایبەتمەندیی شتەکە، دەچێنە کێڵگەی هەندێك وشەی زمانەکەمانەوە، ئەمەش زیاتر بەرهەمە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوان. بەرهەمەکانی (کۆمپیوتەر[١٢]، تەلەفۆن، تەلەفزیون ، مۆبایل...) دەچنە کێڵگەی واتایی ئامێرە کارەبایی و گەیەنەرەکانەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەن و دروستکەری بەرهەمە پیشەسازییەکان نین، ئاساییە، کە هەموو ئەندامەکانی ئەم جۆرە کێڵگەیە وشەی بێگانە بن. هەروەها (کیوی، کاکی، پرتەقاڵ،....) لە زمانی بێگانەوە هاتوون و دەبن بە ئەندامی کێڵگەی میوە لە زمانەکەماندا. شایەنی گوتنە ئەم جۆرە وشە بێگانانە لە زمانی یەکەمدا لە هەمان کێڵگەدا ئەندام بوون. هەرچەندە وشەکانی (مقەست، تام، زوڵم، سەروەت، حەوز،.....) لە زمانی عەرەبییدا (مقص، طعم، ظلم، ثروة، حوض) بوون[١٣]، پاش خواستنیان، فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیشیان بەسەردا جێبەجێبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هەمان واتاوە خوازراون، کێڵگەی واتاییان نەگۆڕاوە.

ب. ئەو وشانەی لە زمانی بێگانەوە وەردەگیرێن و لەهەمان کاتیشدا لە زمانەکەشماندا هەن، ئەوانە کەلەبەری کێڵگەی واتایی لەناو زمانەکەماندا پڕناکەنەوە. هاتنی ئەو جۆرە وشانە پەیوەندیی بە:(ا) شێوازی جۆرێك لە قسەکەرەوە هەبێت، ئەویش بە پێی جۆری خوێندەواریی و بیرکردنەوەی و کەسەکە بەرجەستە دەبێت. واتە زۆرکەس خوی بەبەکارهێنانی وشەی بێگانەوە گرتووە ، یان بە هۆی پەیوەندیی ئێمە بە زمانێکی وەك عەرەبییەوە، دروستبووبێت. بۆ نموونە گەر ئێمە بەرامبەر بە وشەکانی (ئەرز، فکر، عیلاج، دەماغ، فەقەرە،...) (زەوی، بیر، چارەسەر، مێشك، بڕبڕە)[١٤]مان هەبێت، ئەوا هەریەك لەو وشە عەرەبییانە ناچنە کێڵگەی واتایی زمانی کوردییەوە. (ب) یان پەیوەندیی بە تابووە هەبێت. تابوو[١٥] دەروازە بۆ بەکارهێنانی وشەی بێگانە دەکاتەوە، ئەویش بۆ خۆلادان و پەردەپۆشکردنی ئەو وشە کوردییانەیە، کە گوتنی بەڕاستەوخۆیی، تابوو دروستدەکات. بۆ نموونە ئەم وشە بێگانانەی تابوو هێناونی ناچنە ناو کێڵگە واتایی زمانەکەمانەوە، وەك (لیباس) بەرامبەر ( دەرپێیکورت)، (ستیان و صدریە) بەرامبەر بە (سوخمە)، (WC و توالیت) بەرامبەر بە (ئاودەست)، ..... هتد.

---

12) ئامێری کۆمپیوتەر لەبەر ئەوەی چەند پارچەیەك پێکیدێنن، خۆشی دبێتەوە بە کێڵگەیەك، بەم پێیە ماوس و هاردو کیبۆردو...هتد سەر بەو کێڵگەیەن.

13) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥: ٤٣)

14) هەمان سەرچاوەی پێشوو (١٩٧٥: ٤٦)

15) تابوو ڕێگایەکە بۆ لادان لە گوتنی ئەو دەربڕاوانەی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگایەکدا ناگونجێن، بە جۆرێك، کە گوتنی کۆدە ڕەوشتییەکانی کۆمەڵێك تێدەپەڕێنیت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

Seyed Vahid Aryadost (2007 : 240)

پ. ئەو وشانەی لە زمانی بێگانەوە وەردەگیرێن و بە واتای نوێوە لە زمانەکەماندا بەکاردێن[16]، لە زمانی کوردییدا بە پێی واتا نوێکە دەبنە ئەندامی کێڵگەی واتایی. یاپراخ لە زمانی تورکیدا بە واتای گەڵا دێت و لە کێڵگەی (درەخت) دایە، لە زمانی کوردییدا بووتە ئەندامی کێڵگەی خواردن. وشەی باجیی لە زمانی تورکییدا بە واتای خوشکی گەورە دێت و لە کێڵگەی خێزاندایە. لە زمانی کوردییدا هەرچەندە بە هەمانواتا یان بەواتای باوەژنەوە ئەندامی کێڵگەی خێزان بووە، بەڵام ئێستا لە کێڵگەی فەرمانگەشدا ئەندامە. هەروەها ناوی ئەو شتانەی لە مارکەکانیانەوە هاتوون، دەچنە چێوەی ئەو وشانەی کە کێڵگەکانیان دەگۆڕێت و لە ناو زمانەکەماندا لە کێڵگەی جیادا دادەڕێژرێنەوە. لە کێڵگەی واتایی پاکەرەوەدا وشەکانی (تاید، فاست، معجزە) لە زمانی یەکەمدا واتای دیکەیان هەیە یان تەنها مارکەیەکن. بە هەمان شێوەش بۆ مارکەکانی وەك (علادین_ لە کێڵگەی گەرمکەرەوەدایە). وشە (بایع) لە زمانی عەرەبییدا خۆی کێڵگەیەکە، بەڵام لە زمانی کوردییدا ئەندامێکە لە کێڵگەی فرۆشیار، لەلایەکی ترەوە وشەی (بەلوعە) ئەگەرچیی لە زمانی عەرەبییدا بەمانای زێراب یان پاشەڕۆ بەکاردەبرێت[17]، کەچیی لە زمانەکەماندا چووەتە کێڵگەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەوە. هەروەها وشەی (فەقیر) لە زمانی عەرەبییدا لە کێڵگەی (ئاستی بژێویی)دایە، لە زمانی کوردییدا بە واتای (هەژار)ەوە لە هەمان کێڵگەدایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بە واتای (بێدەنگ و بەستەزمان)[18]ەوە دەشچێتە کێڵگەی جۆری مرۆڤەکانەوە. بەم پێیە ئەو وشانەی لەم خاڵەدا ناوبران وەك وشەی کوردیی مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت.

مەرجی دیاریکردنی ئەندامەکانی کێڵگەی زمانێك، ئەوەیە ئەندامەکانی سەر بە هەمان زار بێت. گەر وا نەبێت، هێنانی وشەی زارێکی دیکە، بەهەمانواتاوە، کەلێنی کێڵگەکە پڕناکاتەوە، بۆ نموونە هێنانی وشەی (زارۆڵە) لە شێوەزاری هەورامییەوە، بۆ ناو کێڵگەی تەمەن (ساوا، کۆرپە، منداڵ، هەرزە، هەراش،....) بەواتای (منداڵ)ەوە ناچێتەوە کێڵگەکەوە، چونکە کێڵگەکان هاوواتای تەواویان تێدا نییە. بەڵام دەکرێت لە کاتی نەبوونی وشەیەك لە کێڵگەی زارێکدا پەنا بۆ زارێکی تر ببرێت، ئەو کاتە بە پێی واتاکەی دێتە کێڵگەی زاری یەکەمەوە، بۆنموونە وشەی (شاند) بەرامبەر بە (وفد)ی عەرەبیی، لە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووەوە هێنراوەتە کێڵگەی (کاری کارگێڕیی)ی شێوە زاری سلێمانییەوە. وشەی (ڕەبەن)ی ئەوێ هاتووەتە کێڵگە (پلەی کۆمەڵایەتیی)ەوە ، (سڤیل)یش هاتووەتە کێڵگەی (جۆری هاووڵاتیی)ەوە.

---

16) کێڵگەی وشەی وەك مۆزایکی بێ کونوکولەبەر لە کەرەستەکان پێکهاتووەو هەموو کێڵگەکانی وشەی زمانێك پێکەوە وەك گشتێك وێنەدانەوەی وێنەیەکی داخراوی ڕاستیی و ڕاستەقینەکانن. ( Trier 1931) لە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ١٠٥) وەرگیراوە. بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەو شت و دیاریدانەی لە زمانێکدا نین، دەکرێت: (ا) بە وەرگرتنی وشەی بێگانە پڕبکرێتەوە، یان (ب) لەناو زمانەکەدا مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس واتاکان تەواو بکەن.

17) پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە ئەو وشەیە بە هەڵەو تێگەیشتنی هەڵەوە هاتبێتە زمانەکەمانەوە، چونکە هەمان وشە لە زمانی یەکەمدا بۆ خواردنەوە نەگەتیڤە، کەچیی لای ئێمە بۆ ئەو بوارە پۆزەتیڤە. هەرچەندە دەشکرێت وشەیەك لە دوو زمانی جیادا خاوەنی هەمان نرخ نەبن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە فردینان دی سوسور (١٩٨٨ : ١٣٤- ١٣٦).

18) ڕستەیەکە وەك : (نەوزاد کەسێکی فەقیرە.) لەبەرئەوەی وشەی (فەقیر) بە دوو مانەوە وەرگیراوە، دوو ناوەڕۆك هەڵدەگرێت: (١. نەوزاد کەسێکی هەژارە.) (٢. نەوزاد کەسێکی بێدەنگ و بەستەزمان.).

یەکێك لەو جۆرە کێڵگانەی بە زۆری لە زمانەکانی جیهاندا لێیکۆڵراوەتەوە، سیستەمی ڕەنگەکانە. لەبەر ئەوەی ڕەنگەکان سیستەمێکی بەردەوامن (کراوەن) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت[19].

### ١/٢) سنووری کێڵگەی واتایی لە ڕەنگدا

پێشتر ئاماژە بە کراوەیی هەندێك کێڵگەی واتایی درا، لێرەوە ڕەنگەکانی زمانی کوردیی دەکرێتە بنەماکانی کردنەوەی ئەو سیستەمە. ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە ئەوەی کە لە هەر زمانێکدا، گشت ڕەنگەکان ڕاستەوخۆ لە ناو کێڵگەی ڕەنگەکاندا نیین[20]، بەڵکو ئەو ڕەنگانەی یەك_لێکسێمین، وەك (سوور، زەرد، شین، ڕەش، سپیی، مۆر، بۆر، بۆز، دێن) لەناو کێڵگەی فەرهەنگیی ڕەنگەکانی زمانی کوردییدان. ڕەنگە ناڕاستەوخۆکان لە فۆرمی لێکسێمی هەڵگوێزراودان و لە مۆرفۆلۆژییدا دروستدەبن. جگە لەوانەش هەندێك ڕەنگی دیکەش لە پێکهاتەی سینتاکسدا بە دروستەو بەکارهێنانی سینتاکسیی بەرهەمدێن.

یەکێك لە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ ئەوەیە، کە داهێنەرو بەبەرهەمە[21]. سەبارەت بەبەرهەمیی زمانی کوردیی بۆ ڕەنگەکان وادەکات، کە هەمیشە بەرهەمهێنی ڕەنگ بێت. بۆ ئەمەش لەناو پێڕەوی مۆدولارێتیی زمانەکەماندا، هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵدەبژێرێت و بەکاردەبرێت.

### ١/٢_١) مۆرفۆلۆژیی

پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی لە ڕێگای هەندێك تەرزو دروستەوە لێکسێمی هەڵگوێزراو بەرهەمدێنێت. ڕەنگیش وەك یەکێك لە تایبەتییەکانی شت لە ڕێی ئەو تەرزو دروستانەوە دروستدەکرێن. دەکرێت ئەمە ناوبنرێت ڕەنگی هەڵگوێزراو، واتە پاش ئەوەی لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدێت، ئینجا دەچێتە کێڵگەی ڕەنگەکانەوە. ئەو تەرزانەی لە دروستکردنی ڕەنگی هەڵگوێزراو بەکاردەبرێن[22]، لە (٩)دا دەخرێنەڕوو.

٩) ا. N + ی بڕوانە (١٠)

ب. N + ین بڕوانە (١١)

پ. N + دار بڕوانە (١٢)

---

19) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠ : ١٧٤ )

20) هەندێك زمانی وەك ( مالیی و گیتیای لویی) ڕەنگەکان تەنها بۆ دوو دانە دابشدەکەن (ڕەش ، سپیی)، بڕوانە هەمان لاپەڕەی سەرچاوەی پێشوو. واتە ڕەنگەکانی دیکە لەو دوو ڕەنگە دەکەونەوە، بۆ ئەمەش پشت بە دروستە سینتاکسییەکان دەبەسترێت.

21) ا.محەمەدی مەحویی (٢٠٠١ : ٢٦).

ب. مهری باقریی (٢٠٠٦ : ١٦٣)

22) ا. هۆگر مەحموود فەرەج (١٩٩٣: ١٨)و مستەفا محەمەد کەریم زەنگەنە (٢٠٠١: ٢٧) یەك جۆر ڕەنگی ناسادەیان باسکردووە، بەڵام ئاماژەیان بە دروستەکەی نەداوە.

ب. لە ڕووی جۆرەوە، ئەو ڕەنگانەی لە مۆرفۆلۆژییدا دروستدەبن و لە سەر هەمان دروستەو تەرزن، بە کێڵگەی هەڵگوێزراوی مۆرفۆلۆژیی (الاوزان الاشتقاقية الصرفية) ناونراون، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە احمد عزوز (٢٠٠٢: ١٧)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

١٠) ا. پرتەقال + ی        پرتەقاڵیی، لە ڕەنگدا لە پرتەقاڵ دەچێت.
ب. نارنج + ی        نارنجیی، لە ڕەنگدا لە نارنج دەچێت.
پ. زیو + ی        زیویی، لە ڕەنگدا لە زیو دەچێت.
ت. ئاڵتوون + ی        ئاڵتوونیی، لە ڕەنگدا لە ئاڵتوون دەچێت.
ج. جەرگ + ی        جەرگیی، لە ڕەنگدا لە جەرگ دەچێت.
چ. پیاز + ی        پیازیی، لە ڕەنگدا لە پیاز دەچێت.

١١) ا. بەفر + ین        بەفرین، لە ڕەنگدا لە بەفر دەچێت.
ب. خوێن + ین        خوێنین، لە ڕەنگدا لە خوێن دەچێت.
پ. زیو + ین        زیوین، لە ڕەنگدا لە زیو دەچێت.

١٢) ژەنگ + دار        ژەنگدار، ڕەنگی ژەنگی هەیە.

دروستەی واتایی داتاکانی (١٠)و (١١) داڕشتەی [ شت + ی / ین / دار ] بەدەستەوە دەدەن، کەچیی: (ا) پاشگرەکانی /ین/و /ی/ پەیوەندیی سینتاکسیی و واتایی لەگەڵ گشت بناغەکانی (ناوەکانی) (٩_ا)و (٩_ب)و (٩_پ)دا دروستناکەن، بڕوانە (١٣_اب پ) لەگەڵ (١٣_ت ج)دا بەراوردی بکە. (ب) بۆ زمانی کوردیی پڕکردنەوەی تەرزی (٩_ا) بۆ دروستکردنی ڕەنگی هەڵگوێزراو لە (٩_ب)و (٩_پ)، بەبەرهەمترە. (پ) ئەگەر سەرنجی داتاکانی (١٠)و (١١) بدرێت، گشت ئەو شتانەی ڕەنگەکانیان لێوەرگیراوە، لە سروشتدا خاوەنی یەك ڕەنگن، لەوەوە لە زمانی کوردییدا ڕەنگی (سێویی) هەبوونی نییە، چونکە لە سروشتدا خاوەنی یەك ڕەنگی تایبەتی نییە[٢٣]. بەو پێیەش ئاخێوەری کورد لە ڕێگای بنەمای لێکچوونەوە، بە مۆرفۆلۆژیی هەمیشە بۆ شتەکان و لێچووەکانیان ڕەنگ بەرهەمدەهێنێت، جگە لە نموونەکانی (١٠) لە نموونەکانی (١٤_ا)دا کراوەیی دروستەی (٩_ا) . جگە لە دروستەکانی (٩)، مۆرفۆلۆژیی لە ڕێگای پاشگری (باو) یان مۆرفێمی (مەیلەو)ەوە ڕەنگە یەك_لێکسێمییەکان دەکاتە بناغەی ئەو ڕەنگانەی نزیکن لێیانەوە، بڕوانە(١٤_ب پ).

١٣) ا. *پرتەقاڵیین
ب. *پیازین
پ.*جەرگین

23) هەندێك شاعیر وەك نموونەیەکی ئاخێوەری زمانی کوردیی لە ڕێگەی لێکچواندنەوە ڕەنگ بەرهەمدێنێت، بۆ نموونە وەفایی دەڵێت:    زوڵفت سەبەبە دڵ بەعوزارت کە دەسوتێت
سوچی شەوە کەوا قاتلی پەروانە چرایە
شاعیر بە بێ ناوهێنانی ڕەنگ لە ڕێی وشەی (شەو)ەوە، کە خاوەنی ڕەنگی (ڕەش)ە ، ڕەنگی زوڵفمان پێدەڵێت.

ت. بەفریی

ج. زیویی

١٤) ا. قـاوەیی، خۆڵەمێـشیی، خەنـەیی، ڕەساسـیی، پەمـەیی، سـابوونیی، قـەلیی، تەماتـەیی، باینجـانیی، شێلمبەترشیی،گوێزیی، کاکاویی، بێجیی، دەمریی،[24] .....

ب. شینباو، سوورباو، سەوزباو، زەردباو، مۆرباو،.....هتد

پ. مەیلەو شین، مەیلەو سوور، مەیلەو سەوز ،.......هتد

## ٢_١/٢) سینتاکس:

لێرەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە ڕەنگە یەك_لێکسێمەکانی زمانی کوردیی ڕەنگێکی نادیاریی (ئەبستراکت) هەریەك لەو ڕەنگانە بن، کـە ڕاسـتەوخۆ لـە کێڵگـەی واتـایی ڕەنگەکانـدان، چـونکە هەریـەك لـەو ڕەنگانـە بـە نادیاریی ڕووبەرەکەی خۆیان دەنوێنن. پاڵمەریش لەوبارەیەوە دەڵێت: لەو زمانانەی، کە دوو تا سێ وشـە بـۆ ڕەنگەکان جیادەکەنەوە، ئاساییە، کە هەر ڕەنگێك پانتاییەکی فراوانتری هەبێت، لەو زمانـەی کـە ڕەنگـەکانی بۆ (١١) وشە جاکردبێتەوە[25]. بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا، (زەرد)و (شین) ڕەنگێکـی نادیـاری (ئەبـستراکت) ئەو ڕەنگەن و دەکرێت بە پێـی ئـەو شـتەی دەیگەیـەنێت، بگۆڕێـت، بڕوانـە (١٥)و (١٦). هـەروەها لـە نێـوان هەریەك سنوورەکانی یەك ڕەنگدا، چەند پلەیەکی ئەو ڕەنگە هەیە، کە مەگەر لە هایپۆنیمەکەیانـدا هـەمان نـاو وەرگرن[26]، کە دەکرێت لە نێوان ڕەنگە ناوەکییەکانی یەك ڕەنگدا بە مۆرفێی /ـ تـر، ـ تـرین/ جیابکرێنـەوە، بڕوانە (١٧). بۆیە دەتوانرێت بگوترێت سینتاکس دیاریکەریی ڕێژەو پلەی ڕەنگە یەك_لێکسێمەکانە. کەواتـە سینتاکس لە فراوانکردنی کێڵگەی واتایی ڕەنگەکاندا ڕۆڵی هەیەو لە ڕێگەی دروستەی فرێزەوە بۆ هەر ڕەنگێك کێڵگـەی تایبـەت بـە خـۆی وردەکاتـەوەو بـە تـەواوی ئـەو پلانـە دیاریـدەکات، کـە لـەناو خـودیی ڕەنگـە یەك_لێکسێمی و هەڵگوێزراوەکاندا هەن، بڕوانە(١٨). لەو شوێن و جێکەوتەیەی، کـە وشـە نییـە، واتاکـان بـە سینتاکس لە ڕێی داڕشتنی نوێوە (ئاوەڵفرێز paraphrase) بەرجەسـتەی دەکـرێن و کونوکەلەبـەرەکان بـە سینتاکس پڕدەکرێنەوە[27].

١٥) ا. پووشەکە زەرد بووە.

ب. دەموچاوی منداڵەکە زەرد هەڵگەڕا.

پ. لیمۆکە زەرد بووە.

ت. جوتێك کۆتری زەردم کڕی.

---

24) هەریەك لە ڕەنگەکانی (سابونیی، دەمریی، قەلیی) تایبەتن بە (کۆتر).

25) پالمر (١٩٨٥ : ٨٤)

26) دەکرێت چەند کێڵگەیەك لەناو یەکدا بشکێنەوەو تێیدا هەرکێڵگەیەك وردتر بکرێتەوە. مهری باقریی (٢٠٠٦: ١٧٢)

27) محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ١٠٣)

ج. جلەکانی نەسرین زەردن.

١٦) ا. کراسێکی شینم کڕی.

ب. کۆترە شینەکەم تەرە بوو.

پ. دەشتودەر شین بووە.[٢٨]

١٧) ا. زەرد 


ب. کراسە زەردەکەی من لە هینەکەی ئەو زەرد ترە.

پ. کراسەکەی من زەردترین کراسە.

لە (١٥)دا گەر سەرنجی ڕەنگی (زەرد) بدەین، بۆ هەریەك لە پووش و دەموچاو و لیمۆو کۆتر، لە (١٦)شدا ڕەنگی (شین) بۆ هەریەك کراس و کۆتر و دەشتودەر، ئەو ڕەنگانەی (زەرد)و (شین) دەگەیەنن، کە (ا) ئەندامانی کێڵگەی واتایی ناو یەك ڕەنگی یەك_لێکسێمی هاوواتای تەواو نین. (ب) ئاخێوەری زمانی کوردیی لەسەری پلەکانی یەك ڕەنگ ڕێکەوتوون. (پ) ڕەنگەکانی زمانی کوردیی مارکەلێنەدراون (Unmarked)[٢٩]و لە سینتاکسدا مارکەیان لێدەدرێت و واتای جیاوازیان پێدەدرێت، تێگەیشتن لە یەك ڕەنگی بەکارهێنراو لە ڕستەدا پەیوەندیی بە پراگماتیك و دەوروبەری بەکارهێنانەوە هەیە[٣٠]. (ت) ئەگەرچیی ڕەنگەکان بە گشتیی زنجیرەیی و ڕیزکراو نیین[٣١]، بەڵام ئەم کێڵگەیە لە ڕووی جۆرەوە، بە کێڵگەی نابەرجەستەی زنجیرەیی بیریی ناو بنرێت[٣٢]، کە جەمسەرەکانی دژواتان، تۆخترین زەرد/شین، کاڵترین زەرد/شین. (١٧_ب)شدا هەردوو ڕەنگی (زەرد) دوو پلەی نادیاری جیاوازی هەمان ڕەنگن بۆ هەمان شت. لە کاتێکدا لە (١٧_پ)دا ڕەنگە (زەرد) لە ناو زەردەکاندا بەرزترین پلەیەتی.

---

28) ڕەنگی سەوز وشین سەبارەت بەو ڕستەیە، دەکرێت ببنە جێنشینی یەکتری، ئەمەش دنیابینی کورد دەردەخات بەرامبەر ئەو دوو ڕەنگە. بە هەمان شێوەش گەلی ناواهۆ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕەنگانەدا ناکەن، بڕوانە: پۆل هێنلە (٢٠٠٦: ١١٨)

29) گەر وشەیەك سەبارەت وشەکانی خوار خۆی، گشت ناوەڕۆك و واتای فۆرمێك بگەیەنێت، ئەوا مارکەلێنەدراوە ، بەڵام دەشێت ئەوانەی خوار خۆی مارکەلێدراو بن (marked) بڕوانە (٨٠: ١٩٧٦ Palmer) بۆ نموونە وشەی (کەو) مارکەلێنەدراوە، بەڵام هەریەك لە (ماکەو)و (نێرەکەو) مارکە لێدراون.

30) زمانی کوردیی دیاریدەی بەکارهێنانەوەی فۆرمە یەك_لێکسێمەکانی هەیە، تا لە ڕێیەوە باربۆی فەرهەنگ بکات. بۆ نموونە بەکار هێنانەوەی ئاوەڵناوی (گەورە و بچووك) بۆ تەمەن، هەرچەندە لە فەرهەنگدا بۆ قەبارەن، (گەورە ئاو دەڕژێت، بچووك پێی تێدەکات.)

31) بڕوانە (Spence) لە محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠ : ١٧٤) وەرگیراوە.

32) کێڵگەی واتایی زنجیرەیی(serially)، کە جەمسەرەکانی دژواتان، بۆ نموونە لە کێڵگەی پلەی گەرمییدا گەرمترین و ساردترین دژواتان و کێڵگەی واتایی بازنەییش (cyclically) وەك ڕۆژەکانی هەفتە، کە لە لای ئیسلامەکان لە شەممەو لە لای مەسیحەکان لە یەکشەممەوە دەستپێدەکات، ئەم جۆرە کێڵگەیە جەمسەرەکانی دژواتانیین. (Lehrer 1976) لە کورشی سەفەویی (٢٠٠٦ : ١١)وەرگیراوە.

١٨) ا. سپیی — سپیی شیریی / سپیی سەدەفیی / سپیی بەفریی

ب. زەرد — زەردی هەنگوینیی / زەردی لیمۆیی / زەردی زەردێنەیی

پ. شین — شینی ئەسمانیی / شینی پیرۆزەیی / شینی چویتیی

ت. سەوز — سەوزی گیایی / سەوزی شێخیی / سەوزی دۆندرمەیی / سەوزی قەزوانیی

ت. سوور — سووری تەماتەیی / سووری ئاودار / سووری هەناریی

ج. ڕەش — ڕەشی قەترانیی

لە (١٨)دا بە دروستەی فرێزی خستنەپاڵیی، لە ڕێگای دەرخەرەکانی هەریەك لـە ڕەنگـەکانی (سـپیی، شـین، سەوز، زەردو سوور و ڕەش)ەوە پلەکان دیارییکراون.

(١٨) ئەوە دەردەخات، کە هەریەك لە ڕەنگەکانی (سپیی، زەرد، شـین، سـەوز، سـور، ڕەش) پەیوەندییـەکی دیاریکراوو چەسپاویان لەگەڵ شتێکی تایبەتییدا نییە، بـە واتایـەکی تـر پەیوەندییـەکانییان لەگـەڵ شـتەکانی سروشتدا فراوانترەو ڕووبەرەکەشیان فـراوانترە[٣٣]. جگـە لـەوانیش ڕەنگـی (بـۆر)[٣٤] کـەمتر فراوانەوسـنووردارە بڕوانە (١٩)و ڕەنگـی (دێـز)[٣٥] تایبەتـە بـە (گوێدرێـژ)، ڕەنگـی (بـۆز)یـش پەیوەنـدیی واتـایی لەگـەڵ (کـۆتر)و (مرۆڤ)دا دروستدەکات. بۆیە (ا) ڕەنگی (دێز) دەکرێت لە سینتاکسدا دەرخراوەکەی دەرنەبڕدرێت. (ب) بـەڵام

33) ئەگەر زمانێك تەنها سێ ڕەنگی هەبێت، یەکێك لەو ڕەنگە سوور بێت، ئەوا ئەو ڕەنگە سوورە ڕووبەرو سنوورەکەی لە ڕەنگی سووری زمانی ئینگلیزیی فراوانتر دەبێت. بڕوانە بالمەر (١٩٨٥ : ٨٥)

34) لە ئێستادا بەرامبەر بە ڕەنگی (بۆر) ڕەنگی (فیلیی) بەکاردێت.

35) ئەگەرچیی ڕەنگی (دێز) لە بنەڕەتدا هی (گوێدرێژە) بڕوانە (کەرە دێز) و (*پیاوە دێز) ، بەڵام زۆرجار وەك جۆرێك لە ڕەنگی پێستی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت.

ڕەنگی (بۆز) لەبەر ئەوەی دوو دەرخراوی جیاوازی هەیە، کەمتر بواری لابردنی دەرخراوەکانی هەیە، بڕوانە (٢٠). (پ) بەو پێیە ئەم سێ ڕەنگە، جیاواز لە ڕەنگەکانی (ڕەش، سوور، سەوز، شین، زەردو مۆر) لەبەر ئەوەی بێ پلەن و دیاریکراون، کێڵگەی زنجیرەیی بیریی تەسکن و لە ڕووی واتاوە، جگە لە (بۆر) بڕوانە (١٩_ت))، مۆرفیمەکانی /ــ تر/و/ــ ترین/ وەرناگرن[٣٦]، بڕوانە (٢١). لەمەدا وەك لە (٢٤) دیارە، ڕەنگە هەڵگوێزراوەکانیش لە ڕووی وەرگرتنی پلەو سنووری کێڵگەی زنجیرەییەوە هەڵسوکەوتی جیادەکەن.

لەلایەکی ترەوە لە (١٨) هەریەك لە پلەی ڕەنگەکانی (سوور لە ڕەنگی سووری هەناریی، تەماتەیی)دا هەروەها (سەوز لە ڕەنگی گیایی، دۆندرمەیی، قەزوانیی)دا هەروەها لە هەریەك لە پلەکانی ڕەنگی (زەردو شین و سپیی)شدا ، کە پەیوەندیی کۆلۆکەیشنیان دروستکردووە، دەتوانرێت دەرخراوەکانیان لابرێت، بڕوانە (٢٢). وەك لە (٢٣)دا دیارە بە پێچەوانەشەوە سەوز لە ڕەنگی سەوزی شێخییدا و سوور لە ڕەنگی سووری ئاوداردا لەبەرئەوەی کۆلۆکەیشنیان دروستنەکردووە، دەرخراوەکانیان بواری لابردنیان نییە.

١٩) ا. ئاردەکە بۆرە.
ب. گەچەکە بۆرە.
پ. سمۆرە گوێی قوتەو پشتی بۆرە.
ت. ئەم ئاردە لەو ئاردە بۆرترە.

٢٠) ا.کەرێکی دێز لەو دەشتە تۆپیوە. دێزێك لەو دەشتە تۆپیوە.
ب. کۆترێکی بۆزی تەقلەبازم کڕی. بۆزێکی تەقلەبازم کڕی.
پ. پیاوێکی بۆزم بینی. بۆزێکم بینی.
٢١) *دێزتر، *دێزترین[٣٧]، *بۆزتر، *بۆزترین

لە دەرکردەی (٢٠_ب)دا وشەی (تەقلەباز) بواری دەرنەبڕینی دەرخراوەکەی ڕەنگی (بۆز)ی ڕەخساندووە، چونکە ئەو وشەیە تەنها کۆلۆکەیشنی لەگەڵ (کۆتر)دا هەیە. کەچیی دەرکردەی (٢٠_پ) هیچ وشەیەك بوارەکەی نەڕەخساندووە.

36) گشت ئاوەڵناوەکان لە ڕووی دروستەوە پلەی بەراوردو باڵاو پلە(degree) وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی پلەی ناوەندیی و دیاریکراویان هەیە، لە ڕووی واتاوە وەریناگرن. بۆنموونە ئاوەڵناوەکانی (مێخۆش، شلەتێن) خۆیان پلەی ناوەندییان هەیە، بۆیە گەر ئەو پلەکەیان بەرزو نزم بکرێت، ئەوا دەچنە دۆخێکی ترەوە. (*مێخۆشتر،*مێخۆشترین، *زۆر مییێخۆش) (*شلەتێنتر،*شلەتێنترین، *زۆر شلەتێن) بڕوانە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥: ٥٦ ــ٥٧).

37) ڕەنگە دێز ئەگەر بۆ ڕەنگی پێستی مرۆڤ بێت، پلە وەربگرێت، وەك (ئازاد لە نەوزاد دێزترە.)

٢٢) (هەنگوینیی، لیمۆیی، زەردێنەیی) جۆرێکن لە زەرد. (هەناریی، تەماتەیی) جۆرێکن لە سوور. (شیریی، سەدەفیی، بەفریی) جۆرێکن لە سپیی. (گیایی، پیرۆزەیی، قەزوانیی) جۆرێکن لە سەوز، (قەترانیی) جۆرێکە لە ڕەش.

٢٣) *شێخی ، *ئاودار

٢٤) ا. کراسەکەی هەردووکمان ڕەساسییە.

ب. جلەکانی تۆ لە هی من ڕەساسییترە.

پ. بۆیەی دیوارەکە ڕەساسییە.

ت. ڕەساسییتر، ڕەساسییترن.

ج. *خۆڵەمێشییتر، خۆڵمێشییترن.

چ. *قەلییتر، *قەلییترین.

هەریەك لە ڕەنگەکانی (ڕەساسیی) لە (٢٤_اب پ)دا پلەیەکی جیاوازی ئەو ڕەنگەن، بۆیە ئەو ڕەنگە هەڵگوێزراوە، پلەدارەو کێڵگەی زنجیرەیی دروستدەکات. کەواتە بەهۆی پلەدارییەوە مۆرفیمەکانی پلە وەردەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەریەك لە ڕەنگە هەڵگوێزراوەکانی (خۆڵەمێشیی، قەلیی) پلەدار نین، لەبەر ئەوە لە ڕووی پەیوەندیی واتاییەوە (٢٤__ج چ) ڕێگا پێنەدراوەو کێڵگە زنجیرەییەکەیان سنوردارە.

جگە لە جیاکەرەوەی لێکچوویی لە (١٨)دا، ڕەنگە یەك_لێکسێمی و مۆرفۆلۆژییەکانیش دەتوانرێت، بە پێی ڕێکەتنی واتایی لە دروستەی فرێزدا بەهۆی دەرخەرەکانی (کاڵ) و (تۆخ)ەوە پلەیەکی تری ئەو ڕەنگانە دیاریبکرێت، بڕوانە (٢٥)، بەڵام ئەمە لە ڕووی واتاوە ڕەنگەکانی (سپیی و بۆرو دێزو بۆز) و ڕەنگە مۆرفۆلۆژییەکانی (قەلیی و سابوونیی، دەمریی) ناگرێتەوە، چونکە ئەمانە پلەکەیان دیاریکراوە، سەبارەت بە (ڕەش) لە ڕووی واتاوە تەنها دەرخەری (تۆخ) وەردەگرێت نەك (کاڵ) لە (٢٥)دا تاقیدەکرێنەوە.

٢٥) ا. سوور، شین، مۆر، زەردی کاڵ / تۆخ

ب. قاوەیی، زەیتوونی، پرتەقاڵیی، پەمەیی کاڵ / تۆخ

پ. ڕەشی تۆخ

٢٥) ا. ڕەشی ← خۆی لە خۆیدا تۆخە، گەر کاڵبکرێتەوە دەبێتە ڕەساسیی

ب. سپیی ← خۆی لە خۆیدا کاڵە.

پ. قەلیی ← ڕەنگی ڕەشە تایبەتە بە کۆتر.

ت. سابوونیی ← خۆی لە خۆیدا کاڵە.

ج. دەمریی ← خۆی لە خۆیدا تۆخە، ڕەنگێکی شینباوی تایبەتە.

## ئەنجام

١. ئەو وشە بێگانانەی واتاكانیان گۆڕاوەو كورد بە بیركردنەوەی جیاوازەوە بەكاریاندێنن، كاتێك كە دێنە زمانەكەمانەوە كێڵگە واتاییەكەیان دەگۆڕێت و بە پێی بیركردنەوە نوێكە لە ناو كێڵگە واتاییە كوردییەكاندا دابەشدەبنەوە. واتە لە هەمان ئەو كێڵگەیەدا ئەندام نابنەوە، كە لە زمانی یەكەمدا تیایدا ئەندام بوون.

٢. ڕەنگە یەك_لێكسێمییەكانی زمانی كوردیی كەم و سنووردارن. مۆرفۆلۆژیی زمانەكەمان بەهۆی هەندێك تەرزەوە، ژمارەیەكی زۆر ڕەنگ بەرهەمدێنێت.

٣. پێڕەوی ڕەنگەكانی زمان زنجیرەیی نیین ، بەڵام ڕەنگە یەك_لێكسێمیی و هەڵگوێزراوەكانی زمانی كوردیی ئەبستراكت و ماركەلێنەدراون و لەناو خۆیاندا كێڵگە لە جۆری زنجیرەیی بیریی دروستدەكەن، بەمەش ئەگەرچی ڕەنگەكان لە ڕووی ژمارەوە سنووردار بن، بەڵام بەهۆی ئەبستراكتییانەوە ڕووبەرو ناوەرۆكەیان فراوانە.

٤. سینتاكس ڕۆڵی لە فراوانكردن و دیاریكردنی ڕەنگەكانی زمانی كوردییدا هەیە، كە (ا) لە ڕێگای دروستەی فرێزەوە یەكێك لە پلەكانی یەك ڕەنگ دیاریدەكات، واتە لەناو جۆری زنجیرەیی بیرییدا ڕەنگێك لە نادیارەوە دەكات بە دیار. (ب) ئەو ڕەنگانەی پەیوەندیان لەگەڵ شتەكانی سروشتدا سنوورداره، بواری لابردن و دەرنەبڕینی دەرخراوەكانیان هەیە. (پ) بەكارهێنانی ڕەنگەكان لە ڕستەدا بە شێوەیەكی هایپۆنیمیی و نادیارە، بۆ تێگەیشتن پەیوەندیی بە پراگماتیكی بەكارهێنانەوە هەیە. (ت) ڕەنگە یەك_لێكسێمیی و هەڵگوێزراوەكان ماركەلێنەدراون، بە بەكارهێنانیان لەسینتاكسدا ماركەیان لێدەدرێت.

## الخلاصة

هذا البحث الموسوم (حدود الحقول الدلالية فى المصطلحات الاجنبية و الالوان) حيث اعتمدنا في انجاذه على النظرية الوصفية التحليلية للتعرف عن الحقول الدلالية فى اللغة الكردية و حاولنا تحديد موقع تلك المصطلحات (الاجنبية) فى تلك الحقول الدلالية و كما اثرنا الاجابة عن السؤال الذى فرض نفسه من خلال دراستنا هذه الا و هو هل تتخذ تلك المصطلحات فى اللغة الكردية بنفس الموقع و الحدود المتوفرين لها فى حقلها الاصلي، بعدها شرعنا بتطبيق تلك المقومات على الالوان لتشخيص دور الصرف و النحو في اثراء و توسع الالوان في اللغة الكردية. ارجو ان قد وفقنا في اشعال بصيص من نور في هذا الجزء المعتم من اللغة الكردية.

## Abstract

*The title of this dissertation is "The Description and Analyses for Classifying and Recognizing Semantic fields in Kurdish language". This study very carefully and concisely works on putting and organizing foreign words in Kurdish language. It means, it determines in which way the foreign words are classified in semantic field of Kurdish language and also explains the changing of field.*

*Here the foreign words used for filling the shortages of semantic field in Kurdish language. It also shows the effects of one language on the other. On the other hand, this thesis worked on the color for analyzing the rule of; morphology, syntax and syntactical usage for expanding mono lexeme's color field. During the working on color field, a field is founded which is serially divided and enriches the color field.*

## سەرچاوەکان


**١- بە زمانی کوردیی:**

١) ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٢) پۆل هێنلە (٢٠٠٦(ساڵی وەرگێڕان)) ، زمان هزرو کولتور ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەحیم سورخی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣) کلۆد جێرمان و ڕیمۆ لۆبلان (٢٠٠٦(ساڵی وەرگێڕان)) ، واتاسازی ، چاپی یەکەم ، وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤) سازان ڕەزا معین (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥) کۆرشی سەفەوی (٢٠٠٦(ساڵی وەرگێڕان)) ، چەند لایەنێکی واتاسازی ، چاپی یەکەم ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلێر سادق کانەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦) مستەفا محەمەد کەریم زەنگەنە (٢٠٠١)، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧) محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانیی.

٨) محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩)، زانستی هێما و هێما، واتاو واتالێکدانەوە ، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

٩) محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠) زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٠) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

١١) هۆگر مەحموود فەرەج (١٩٩٣)، بوارە واتاییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**٢- بە زمانی فارسیی :**

١٢) مهری باقری ، مقدمات زبانشناسی (٢٠٠٦)، چاپ سوم ، چاپخانە انتشارات دانشگاه پیام نور ، تاران.

**٣- بە زمانی عارەبیی :**

١٣) احمد عزوز (٢٠٠٢)، اصول تراثية في الحقول الدلالية، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

١٤) احمد مختار عمر (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشرو التوزيع، الكويت.

١٥) اف. ار. بالمر (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمة مجيد الماشطة، المكتبة الوطنية ، بغداد.

١٦) فردينان دی سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة يۆئيل يوسف عزيز، المكتبة الوطنية ، بغداد.

١٧) محمد محمد يونس علي (٢٠٠٤)، مقدمة في علمي الدلالة و التخاطب، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديدة المتحدة.

**٥- بە زمانی ئینگلیزیی :**

18) Aitchison, J. (2005) LIGUISTICS, UK, London.
19) Aryadoust, S. V (2007) A DICTIONARY OF SOCIOLINGUISTICS, PRAGMATICS AND LANGUAGE, Shiraz.
20) Finch, G. (2000) key Concepts in Language and Linguistics, New York.
21) Palmer, F. R. (1976), Semantics; A new outline, Cambridge University, Cambridge.